# گەڕانەوەی دەستنووسەکان

زانا سامان



زەمەن وابوو، دۆزینەوەو گەڕانەوەی دەستنووسەکانی لە جانتایەکی سەفەریدا، ئیدی بەفرنووسی وا لێکرد چوونە دەرەوەی نەمێنێو خەریکی چاککردنو داڕشتنەوەی هەندێک لەو دەستنووسانە بێت کە لەکاتی خۆیاندا ماوەی تەواوکردنیانی نەبووە، ئەوە بەهۆی هەر کێشەیەکەوە بووبێت بە نیوە ناچڵی مابوونەوە، کۆکردنەوەی دەستنووسەکان بە پێی کات و زەمەنی نووسینەوەی خۆیان ڕێکی دەخستن، مانگێکی تەواوی خایاندو بەفرنووس لە ژوورە تەنیاکەیدا مایەوەو چیتر ماوەی نەما سەردانی هاوڕێو دۆستەکانی بکات،

شێوازی قسەکردنی بەفرنووس لەگەڵ قسەی خەڵکدا هەندێک جیاوازی هەبوو، کاتی وا هەبوو شێوازی قسەکردنەکەی لە شێوەی زمانی نێو کتێبەکان دەچوو، کە ئێمە ئەو جۆرە قسانەمان زیاتر لە نێو شیعر یاخود چیرۆکەکاندا دەبیستو دەخوێندەوە.

******

- ((لە سەفەرم بۆ لای دەستنووسەکان، وەک ئەوەی بکەومە نێو خەرەندێکی قووڵەوە وەهابوو،خەرەندێک کە کەوتنە نێوی بەو چەشنە بێت ئیدی نەتوانم بگەڕێمەوە، چوونم بۆ ناو دەستنووسەکان سەفەرێکی ئاسایی نەبوو، هەریەک لەو کەسایەتییانەو بەتایبەتی باوەنوورو کەریم دەشتەکیو بەهنازی گوڵە، لەسەر ئەوەی کە دەبێت یەکێکیان بکەم بە پاڵەوانی دەستنووسەکان، تووشی چەندها گرفتی گەورەیان کردم، تا واملێهات بێ ویستی خۆم بووم بە یەکێک لەو کەسایەتییانەو دواتر لە شەڕی پاڵەوانییەوە گۆڕاین بۆ چوار کەسایەتی کە دواڕۆژی خۆمان لەنێو خەرەندی دەستنووسەکاندا بدۆزینەوەو هەوڵەکانمان بوون بەوەی کە چۆن لەو خەرەندەوە بچینە نێو دنیایەکی ترەوە، سەرکەشترین لەو کەسایەتیانەی لە نێو ئێمەدا زۆرترین هەڵپەی بۆ دەربازبوون لە خەرەندی دەستنووسەکان ئەدا (بەهنازی گوڵە)بوو، ئەو ژنەی لە دەستنووسەکەی خۆیدا وەک ژنێکی سوزانی ناسێندرابوو، ژنێک کە دوای ئەوەی مێردەکەی لەناوبژیوانی شەڕێکی نێو قومارچییەکاندا کوژرا بوو، دواتر ناوبانگی ژنە لە دوای بێوەژن بوون، بوو بە سوزانییە دڵتەڕەکەو کارگەیشتبووە ئەوەی، چیتر نەتوانێت بەویستی خۆی هاموشۆی بازاڕ و دەرەوەیماڵەکەی بکات، ئەوەی سەرەتا ئەو بوختانەی بۆ دروستکردبوو، باوەنوور بوو، ئەو پیاوەی بە یەکێک لە قومارچییە هەرە دەوڵەمەندەکانی شارەکە دادەنرا. مانگێک دوای مردنی مێردەکەی بەهناز، شەوێک بەبیانوی سەرەخۆشی دەچێتە ماڵیان و پاش ئەوەی ژنە بە حورمەتێکی زۆرەوە میوانداری دەکات و لەوکاتەی کە بەهنازی گوڵە دادەنەوێتەوە تا ئەو پیاڵە چایە هەڵگرێتەوە کە بۆ باوەنووری

هێنابوو، باوەنوور پەلاماری ئەدات و دەیەوێت هەوەسبازی لەگەڵدا بکات، بەڵام ژنە خۆی لەچنگی قوتار دەکات و ڕادەکات بۆ دەرەوەی ماڵ و لە ڕێی زریکەو هاوارەوە هۆشداری ئەداتە خەڵک، لەهەموو ئەمانە ناخۆشتر ئەوەبوو کە بۆ ڕۆژی دوایی و پاش ئەوەی خەڵکی پرسیاریان لەباوەنوور دەکرد تا ڕاستی باسەکە بڵێت، ئەویش وتبووی کە گوایە بەهنازی گوڵە خۆی داوەتی کردووم بۆ میوانداری بۆ ئەوەی تۆڵەی مێردەکەی لە من بسێنێتەوە کە گوایە من کوشتوومە، تووشی ئەو هەرایەی کردووم، کارگەیشتە ئەوەی کەچیتر خەڵکی بە قسەکانی بەهنازی گوڵە باوەڕ نەکەن و حەق بدەن بە باوەنوور و پێیان وابوو کە قسەکانی باوەنوور ڕاستە نەک بەهنازی بێوەژن، بەڵام دواتر لە کۆتایی دەستنووسەکەدا کەریم دەشتەکی کە دووکانێکی بچووکی بەرامبەر بە ماڵی بەهنازی گوڵە هەبوو, هەموو ڕاستیەکانی نووسییەوەو  وەک کۆتایی حیکایەتێک کە بە نیوە ناچڵی لە نێو زاکیرە و مێشکی خەڵکدا مابۆوە، حیکایەتەکەی لە بەرژەوەندیی بەهناز تەواوکرد لە ڕێگەی خستنەڕووی دیوی تەواوی ڕاستیەکانەوە.

کەریم دەشتەکی، ئەو پیاوەی لە سەردەمی شەڕی پاڵەوانێتیدا، زۆر ڕقم لێی دەبۆوە، چونکە لە یەکێک لە دەستنووسە هەرە پڕ ڕووداوەکانەوە هاتبوو تا خۆی بکات بە پاڵەوانی سەرەکی دەستنووسەکان، بەڵام کاتێک لە دەستنووسەکەی بەهنازی گوڵە دا، ئەو ژنەی ئەو تاوانە گەورەیەی لە بارەوە درووست کرا، دەشتەکی بڕیاری دا کە لە دەستنووسەکەی خۆیەوە بگوازێتەوە بۆ نێو دەستنووسەکەی ئەو ژنەو لە هەوڵێکی زۆردا تاخۆی فێری زمانی وتن و قسەکردنی دەستنووسەکەی بەهنازی گوڵە بوو، دواتر توانی وەک هاوزمان و هاوکەسایەتی نێو دەستنووسەکەی بەهناز خۆی دەربخات و دووکانێک بەرامبەر بە ماڵەکەی بەکرێ بگرێت و بۆ ماوەیەکی زۆر لە پاڵ کارکردندا وەک وتم توانی ڕاستییەکان بۆ خەڵکی دەستنووسەکەی بەهنازی گوڵە بسەلمێنیت، لە پاش ئەم هەوڵانە کە من لە ڕێی سەروەتی مامز ئاغاوە حیکایەتەکەم بیستووە زانیمو کەریم دەشتەکیم خۆشویستو پاش ئەوەی لە دەستنووسی "ماڵێک لە نزیک قەڵا" کە ماڵی بەهنازی گوڵە بوو هەروەها دەستنووسەکەی بەو ناوەوە بوو، لەوێ بوومە هاوڕێی کەریم دەشتەکی، بەهۆی ئەوەی کە زۆر بەکەمی لە زمانی یەکتر دەگەیشتین، ویستم زوو بگەڕێمەوە بۆ دەستنووسی (پارێزەری گورگەکان) تاکێشە سەرەکییەکەی ئەوێ چارەسەر بکەم، باوەنوور ڕێی پێگرتم و وتی:"ئەگەر بەزووترین کات وەکو خۆت ڕێمنەدەین سەفەر لەم دەستنووسەوە بکەم بۆ دەستتنووسێکی تر، ئەوا نایەڵێم کۆتایی بەگەشتەکانت بهێنی، من لە دوای ئەو تۆمەتەی بۆ ئەو ژنەم دروست کردووە، ڕووم نییە بچمە کۆڵان و بازاڕەکانی دەستنووسی "ماڵێک لە نزیک قەڵا"وە، منیش باوەنوورم بە پێش خۆمدا، بەڵام لەبری ئەوەی بیبەم بۆ دەستنووس (پارێزەری گورگەکان) بردم بۆ دەستنووسی "لەخەوما بیابان بانگی دەکردین"، ئەو دەستنووسەی هەموو دانیشتوانەکەی بەدەس ئەو خەونانەوە دەیانناڵان کە لە ئایندەیەکی نزیکدا دەهاتنە دی، ئەو دەستنووسەی لەچاو دەستنووسەکانی تردا، خاوەنی زۆرترین قربانیو کوژاربوون، باوەنوورم برد بۆ ئەوێ و خانوویەکی گڵم پێداو بۆ خۆم گەڕامەوە بۆ دەستنووسی (پارێزەری گورگەکان)، تاگەیشتمەوە (پارێزەر) لە سێدارە درابوو، چونکە بە تاوانباری یەکەمی هەموو کێشە گشتییو تاکییەکانی نێو دەستنووسەکە دادەنرا، کە گەڕامەوە، هەندێک کێشەی بچووک مابوونەوە، کەزانیم کاری نێو دەستنووسی (پارێزەری گورگەکان) ڕوو لە باش بوونن، سەفەرم کرد بۆ دەستنووسی (لە هەڕەتی گەنجێتی شەقامێکدا) ئەو دەستنووسەی چەندین سەدەیە بەدجەست جێگیر نەبوونی یاسای شەقامەکانەوە دەناڵێنن، بەچوونم بۆ ئەوێ، هاوڕێیەتیم لەگەڵ پۆلیسێکی هاتووچۆدا بەست، پاش چەند ڕۆژێک پیلانی چارەسەری کێشەکانمان کرد و سەرەتا هەوڵم ئەدا بەتەنیا چارەسەرێک بۆ کێشەکان بۆدۆزمەوە، بەڵام کێشەکان هەروا ئاسان نەبوون، زۆرێکم لە خەڵکانی زیرەکی ئەو دەستنووسەم کۆکردەوە، هاوڕێ تا پێکەوە چارەسەرێک بدۆزینەوە بۆ کێشەکان، لە ئەزموونم لەگەڵ هەموویاندا تووشی گرفتی گەورە هاتمو واملێهات کە نەتوانم خۆم نیشانی خەڵکەکە بدەم، شەوێک کە بەرنامەم دادەڕشت هەتا بۆ بەیانی زووەکەی ڕاکەمو ئەو دەستنووسە هەروا بە نیوە ناچڵی بەجێ بهێڵم، بەڵام دەنگێک لە ناخمەوە هەژاندمیو لێنەگەڕا ئەو بیرۆکە سستانە بە مێشکمدا بێتو وەک ئەوەی پێم بڵێ سنووری دەستنووسەکە بگۆڕم بۆ دەستنووسێکی وەڵا، بە قسەییم کردو ئەو سنوورە بەر تەسکەی ئەو دەستنووسە هەیبوو گۆڕیم بۆ دەستنووسێکی والاو ئیتر هیچ کێشەیەکیان نەما.

پاش چاککردنو ڕێکخستنی سەرجەم دەستنووسەکان، سەفەرم کرد بۆ دەستنووسی (وڵاتی ئەودیو چیاکان) ئەو جێیەی لەم شارەی خۆمان دەچوو، تەنانەت زمانو هەڵسوکەوتو خوو ڕەوشتیشیان.

کەسایەتییەکیان هەبوو، لە چارەسەرکردنو ڕێکخستنی هەموو کێشەکانمدا هاوکارییەکی تەواوی کردمو نەیدەهێشت تەنانەت ڕستەیەک چییە لە نووسین لە نێو بۆشاییەکدا بەجێ بمێنێ، هەموو کێشەکانی ئەو دەستنووسەشم چارەسەر کردو پاشان کەوتمە ئەوەی کە چۆن گرەو لە (بەهنازی گوڵە و کەریم دەشتەکی) ببەمەوەو لە خەرەندی دەستنووسەکان دەربازم ببێت، لەبەر ئەوەی لە زاری خەڵکەوە ئەو دەستنووسەی کە پێیان دەوت (وڵاتی ئەودیو چیاکان) بیستبووم کە بەهنازی گوڵە و کەریم دەشتەکی دوای سەفەری من و ڕۆیشتنم لە دەستنووسی (ماڵێک لە نزیک قەڵا) ژیانی هاوسەرییان پێکەوە ناوەو ئێستا لە ڕێگەن بۆ دۆزینەوەی من، هەتا گرەو لەسەر دەربازبوون لە خەرەندی دەستنووسەکان بکەین.

منیش دوای ئەوەی بیرم کردەوە لەوەی کە (باوەنوور)م وا دوور خستۆتەوە، قەت ناتوانێت لەو دەستنووسەی کە دامناوە بۆی دەربازی ببێت، بەڵام ترسم لەوە هەبوو، ئەگەر ئەو دووانە (بەهنازی گوڵە و کەریمی دەشتەکی) بگەنە لام، ئەوا دەتوانن گرەوەکەم لێ ببەنەوە، خێرا لە هەر دەستنووسەو چەند کەسایەتییەکم بانگهێشت کرد بۆ دەستنووسی (وڵاتی ئەودیو چیاکان) و بەهۆی ئەوەی کە کەسیان لە زمانی یەکتر تێ نەدەگەیشتن، ژاوە ژاوێکی زۆر کەوتە نێوانیانەوەو لەو بەینەدا کە (بەهنازی گوڵە و کەریم دەستەکی) گەیشتن، تووشیان بوو بە تووشی ئەو حەشامەتە لێکحاڵی نەبووەو منیش کە خاوەنی هەموو دەستنووسەکان بوومو لە زمانی سەرجەم دەستنووسەکان دەگەیشتم، گرەوەکەم لە کەسایەتیی نێو دەستنووسەکان بردەوە.